https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2252.18

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ترس لە کۆڤید- ١٩ لەلای دانیشتووانی سنووری قەزای سۆران

د. هۆشەنگ فەرهاد عبدالله فکری مجید محمد

زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب/ بەشی دەروونزانی

hoshang.abdulla@soran.edu.iq fekri.muhammad@soran.edu.iq

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی هەستکردن بە ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ لەلای دانیشتووانی سنووری قەزای سۆران و زانینی جیاوازیی نێوان وەڵامدانەوەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەوە لە سەر پێوەری ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید - ١٩ بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز)، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چەندێتی بەکارهاتووە و نموونەی توێژینەوەکە لە (٣٨٤) فەرمانبەر پێکهاتووە، تیایدا ٢١١ بە ڕێژەی (٥٤.٩%) نێر و ١٧٣ بە ڕێژەی (٤٥.١%) مێن، کە تەمەنیان لە نێوان (١٨-٦٧)ساڵیدایە، نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێگای ناهەڕەمەکیی پشکی لە (١٠) فەرمانگەی سۆران هەڵبژێردراوە، بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا بۆ توێژینەوەکە توێژەر دوای جێبەجێکردنی هەنگاوە سایکۆمەترییەکان پێوەرێکی (٢٢) بڕگەیی بە شێوازی (Five-Likert- Scale) ئامادەکردووە، لە دوای بەکارهێنانی یاسای (One Sample T. Test) توێژەر بەم ئەنجامە گەیشت، کە ئاستی ترسان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید - ١٩ لەلای دانیشتووانی سنووری قەزای سۆران نزمە، هەروەها دوای بەکارهێنانی یاسای (Independent Samples Test) دەرکەوت، کە ئاستی ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید - ١٩ بە گوێرەی ڕەگەز بەڵگەداری ئاماری هەیە، بەڵام لە ڕەگەزی مێ جیاوازییەکە بەهێزترە.

**وشە کلیلییەکان:** ترس، ، کۆڤید - ١٩ ، دانیشتووانی سنووری قەزای سۆران.

**ترس لە کۆڤید- ١٩ لەلای دانیشتووانی سنووری قەزای سۆران**

**بەشی یەکەم**

**پێشەکی**

ڤایرۆسی کۆرۆنا (COVID-19) لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ لە شاری (وهان)ی وڵاتی چین سەری هەڵدا، کە دواتریش لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ تەشەنەی بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان کرد و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کردە قوربانی، ئەم ڤایرۆسە بووەتە هۆی دروستکردنی ترس و تۆقین و دڵەڕاوکێ لە نێو سەرجەم نەتەوەکان و گۆڕینی شێوازی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان، لەم بارەیەشەوە توێژەران توانیویانە لە کاتی سەرهەڵدانی ئەم ڤایرۆسە ئاستێکی بەرزی فشاری دەروونی و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی لە نێو کۆمەڵگای چینی تۆمار بکەن، هەروەها لە چوار حەفتەی یەکەمی سەرەتای سەر هەڵدانی ئەم ڤایرۆسە هیچ ئاماژەیەکی دابەزینی ئاستەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی بەدینەکراوە (عامر, ٢٠٢٠: ١٧٨).

بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (covid-19) لە جیهاندا، کاریگەرییەکی زۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوری کردۆتە سەر مرۆڤ، وەک چۆن ترسێکی زۆریشی لە نێو خەڵکدا بڵاو کردۆتەوە، ئەم ترسە بە جۆرێکە ناوی لێندراوە فۆبیای کۆرۆنا (Corona phobia)، کە ئەم فۆبیایەش چەندین کاریگەری خراپی دەروونی لە سەر تاکەکان دروست کردووە لەوانەش شڵەژانی دەروونی، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، فشارە دەروونییەکان و بێزاری (عامر, ٢٠٢١: ٤).

لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ڤایرۆسە زۆرێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنییان بینی لە بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە

نێو خەڵکدا, کە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لە ترساندنی خەڵک دروستکرد, سەرەڕای ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبووان بەم ڤایرۆسە و مردنی خەڵکێکی زۆر لە سەرتاسەری جیهان هۆکارێکی تر بوو بۆ تووشبوونی خەڵک بە ترس و دڵەڕاوکێ, چونکە مرۆڤایەتی ماوەیەکی زۆر دەبێت پەتایەکی لەم جۆرەی بەخۆیەوە نەدیوە, کە بەم شێوە خێرایە و مەترسیدارە لە هەموو جیهان بڵاوبێتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی قوربانیانی لە بەرزبوونەوەدا بێت.

**کێشەی توێژینەوە**

یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کەوتنە ژێر کاریگەریی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە، ئەمەش لە ڕێگای بیستنی ئەو هەواڵانەی ڕۆژانە سەبارەت بە ئاماری تووشبووان و مردووان دەیانبیستین، ئەمەش هۆکارێکە بۆ هەستکردن بە ترس و تۆقین، هەروەها ئەمەش دەرکەوتووە ئەم ڤایرۆسە هۆکارێکە بۆ زیاتربوونی ئاستی دڵەڕاوکێ، کە هەر ئەمەشە وایکردووە تاکەکانی کۆمەڵگا خۆیان لێک بە دووربگرن لە ترسی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە بۆ یەکتری (عامر, ٢٠٢٠: ١).

بە ڕای توێژەران لە هەرێمی کوردستانیش هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ڤایرۆسە زۆرێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (بینراو، بیستراو و خوێنراو) و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی زۆر نەرێنییان بینی لە بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو هاوڵاتیاندا، ئەمەش بەهۆی نابەرپرسیاریەتیی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بوو بەرانبەر بەم بارودۆخە ناهەموارە و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و نازانستی و دژ بەیەک، کە دەرەنجامی ئەمەش ئەوە بوو زۆرێک لە هاوڵاتییان سەرەڕای ترس و دڵەڕاوکێ باوەڕیشیان بە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزی و بوونی

ڤایرۆسەکەش نەما بوو، کە بەم هۆیەشەوە خەڵکێکی زۆر بوونە قوربانی. کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم پرسیارە سەرکییە دەبینێتەوە، کە ئایا ئاستی ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا (covid-19) لەلای دانیشتوانی سنووری قەزای سۆران چەندە؟

## گرنگیی توێژینەوە

بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (covid–19) لە جیهاندا، کاریگەرییەکی زۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کردۆتە سەر مرۆڤ، وەک چۆن ترسێکی زۆریشی لە نێو خەڵکدا بڵاوکردۆتەوە، ئەم ترسە بە جۆرێکە ناوی لێندراوە فۆبیای کۆرۆنا، کە ئەم فۆبیایەش چەندین کاریگەریی خراپی دەروونی لە سەر تاکەکان دروستکردووە لەوانەش شڵەژانی دەروونی، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، فشارە دەروونییەکان و بێزاری (عامر, ٢٠٢١: ٤).

لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە چەند توێژینەوەیەکی پێشووتر بکرێت، کە پەیوەندییان بە ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید–١٩ هەیە، لە توێژینەوەکەی (عامر، ٢٠٢٠)، کە ئامانج لێی زانینی گرفتە دەروونییەکانی وەکو (ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، خەمۆکی، گۆشەگیری دەروونی، فشارە دەروونییەکان) بوو لە کۆمەڵگای میسری، کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسەوە تووشی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە بووە، هەروەها زانینی جیاوازیی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە تووشبوونیان بەم گرفتە دەروونییانە، توێژەر لە توێژینەوەکەیدا (٢٠٢) کەسی وەکو نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە، لەم ژمارەیەدا ٦٢ (٢٩.٢٪) لە ڕەگەزی نێر و ١٥٠ (٧٠.٨٪) لە ڕەگەزی مێ بوون، کە تەمنیشیان لە نێوان (١٣–٧١) ساڵی دابوو، ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخست، کە (٧٤.٦٪)

بەشداربووانی توێژینەوەکە ترسی خۆیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەربڕیوە (عامر, ٢٠٢١: ٢).

لە توێژینەوەیەکی تریشدا (عامر، ٢٠٢٠)، کە ئامانج لە توێژینەوەکە دروستکردنی پێوەری ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو، نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٥٣٨) کەس، کە لەم ژمارەیەشدا (١٢٣) لە ڕەگەزی نێر و (٤١٥) کەسیش لە ڕەگەزی مێ بوون، (٤٤٢) کەس خاوەن ڕەگەزنامەی میسری بوون و (٩٦) کەسیش هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتانی تری عەرەبی بوون، هەروەها تەمەنی بەشداربووانی توێژینەوەکەش لە نێوان (١٣–٨٠) ساڵی بوو، لە ئەنجامی توێژینەوەکەیدا توێژەر ئەوەی بۆ دەرکەوت، کە ڕەگەزی مێ زیاتر ترسی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر، هەروەها دانیشتووانی وڵاتی میسرپیش زیاتر لە دانیشتوانی وڵاتانی تری عەرەبی هەست بە ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکەن (عامر, ٢٠٢٠: ١٧٧).

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە دوو لایەن دەبینێتەوە، ئەوانیش **لایەنی تیۆری** و **لایەنی کارەکین.**

**لایەنی تیۆری:**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بابەتێکی گرنگی هەنووکەیی وروژاندووە، کە ئەویش ترسانە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکیشە بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بواری توێژینەوە لە بارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی.

**لایەنی کارەکی:**

سودمەندبوونی ئەو توێژەرانەی لە بواری ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ توێژینەوە دەکەن، دەتوانن وەک سەرچاوەیەک لە توێژینەوەکانی خۆیان بەکاریبێنن.

دەکرێ ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ببێتە خاڵی دەستپێکی چەند توێژینەوەیەکی تر لەم بوارەدا.

دەکرێ لە بواری ڕێنمایی دەروونی سوود لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگیرێت بۆ دانانی چەند بەرنامەیەکی ڕێنمایی دەروونی بۆ ئەو کەسانەی بەهۆی ترسانیان لە تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ تووشی هەندێ گرفت و نەخۆشیی دەروونی دەبنەوە.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لەمانەی خوارەوە:

زانینی ئاستی هەستکردن بە ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لای دانیشتوانی سنووری قەزای سۆران.

زانینی جیاوازیی نێوان وەڵامدانەوەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لە سەر پێوەری ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ ئەمەش بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز).

**سنووری توێژینەوە**

سنووری بابەتی: سنووری بابەتیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ترس کۆڤید ـ ١٩ لەلای فەرمانبەرانی سنووری قەزای سۆران.

سنووری كاتی: سنووری كاتیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ساڵی خوێندنی ۲۰۲۰-۲۰۲۱.

سنووری مرۆیی: سنووری مرۆیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە چینی فەرمانبەرانی سنووری قەزای سۆران.

سنووری شوێن: سنووری شوێنی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سنووری قەزای سۆران.

**زاراوەكانی توێژینەوە**

۱.۱.۱.پێناسەی ڕێكخراوی تەندروستیی جیهانی بۆ ڤایرۆسی كۆرۆنا كۆڤید ـ ۱۹

"بریتییە لە نەخۆشییەكی هەوكردنی و لە ڕەچەڵەكی ڤایرۆسی كۆرۆنایە، بەر لەوەی لە مانگی ۱۲ ی ساڵی ۲۰۱۹ دا لە شاری وهانی چینی بڵاوبببیتەوە هیچ زانیارییەك لەسەر ئەم ڤایرۆسە نوێیە نەبوو، بەڵام ئێستا بووەتە پەتایەكی جیهانی و كاریگەریی لەسەر زۆر وڵاتی جیهان دروستكردووە" (WHO,2020).

**پێناسەی تیۆری بۆ ترس لە ڤایرۆسی كۆرۆنا كۆڤید ـ ۱۹**

بریتییە لەو ترسەی بەهۆی ئەگەری تووشبوون بە ڤایرۆسی كۆرۆنا كۆڤید ـ ۱۹ و گیانلەدەستدان تاك تووشی دەبێت، كە لەگەڵیشیدا تووشی دڵەڕاوكێ، تۆقین، وەسواسی و گۆشەگیری دەبێتەوە، بەم هۆیەشەوە كەسی تووشبوو تا ڕادەیەك لە ژیانی ئاسایی دادەبڕێت.

پێناسەی كرداری بۆ ترس لە ڤایرۆسی كۆرۆنا كۆڤید ـ ۱۹

بریتییە لە کۆی ئەو نمرەیەی نموونەی توێژینەوەکە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پێوەری ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ بەدەستیدێنن.

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

### ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩

دەکرێ بە شێوەیەکی گشتی بەم جۆرە پێناسەی ترس بکرێت, کە بریتییە لە: پەرچەکرداری لاشەی مرۆڤ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر شتێک, کە مایەی هەڕەشەبێت بۆ سەلامەتی تاک, کە ئەم پەرچە کردارەش لە ناخی مرۆڤەوە ڕودەدات, واتە کاتێک مرۆڤ هەست بەوە دەکات شتێک هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش و تەندروستیەکەی ئەوا ئەم پەرچەکردارە ڕودەدات, کە زۆر جار ئەم پەرچەکردارە لە شێوەی بارێکی هەڵچونی دەبێت, کە مرۆڤ بە چەندین ئاستی جیاواز هەستی پێدەکات, ئەمەش بەپێی وروژێنەرەکە دەبێت (حبیب, ١٩٨٩: ٩).

بێگومان هەموو کەسێک لەوە دەترسێت تووشی نەخۆشیە گواستراوەکان و پەتا بێت, ئەمەش لەبەر ئەوەی نەخۆشیە پەتاییەکان زۆر بە سانایی لە ڕێگای تێکهەڵ بوون لەگەڵ کەسانی تر بڵاو دەبێتەوە, کە زۆر جاریش کەسانی هەڵگری پەتایەکە لە بەر ئەوەی خۆیان بەرگریان بەهێزە کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆ ئەوان نابێت, بەڵام کاتێک بۆ کەسانی تر دەگوازێتەوە لەوانەیە ئەو کەسە بەهۆیەوە گیانلەدەستبدات (بۆ نموونە لە ئێستادا ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩), زۆر جاریش مرۆڤ لەوە دەترسێت بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشییە پەتاییەکانەوە کەسانی دەوروبەری خۆی لێبەدووربگرن لە ترسی تووشبوونیان بەم پەتایە, واتە

کەسی تووشبوو وەکو دێوەزمەیەکی لێدێت و هەموو کەسێک خۆی لێ دەپارێزن (وەکو کەسانی تووش بوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ , کە بە ناچاری کەرەنتینە دەکران و خەڵک خۆیانیان لێ دەپاراست), کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی تووشبوو هەست بە نامۆیی و بێزراوی بکات, سەرەڕای ئەوەی هەندێ لە نەخۆشییە پەتاییەکان دوای چاکبوونەوەش کاریگەرییەکانی بۆ ماوەیەکی درێژ هەر دەمێنێتەوە (وەکو کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩, کە دوای چاکبوونەوەش کاریگەرییە خراپەکانی بۆ ماوەیەکی درێژ هەستپێدەکرێت), هەروەها گەورەترین ترسی مرۆڤ لە تووشبوونی بە نەخۆشییە پەتاییەکان گیانلەدەستدانی خۆی یان ئازیزانیەتی بەهۆیەوە, چونکە زۆرێک لە نەخۆشییە پەتاییەکان دەبنە هۆی مردنی کەسی تووشبوو (وەکو ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩, کە بەهۆیەوە لە سەرتاسەری جیهان ژمارەیەکی زۆری تووشبووانی کردۆتە قوربانی), بۆیە هەردەم مرۆڤ لە تووشبوون بە نەخۆشییە پەتاییەکان دەترسێت و خۆی لێ دەپارێزێ (اسعد, ١٩٩٠: ٢١٠).

یەکێک لە کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ لەسەر لایەنی دەروونیی مرۆڤ بریتییە لە ترسان لەم پەتایە, بۆیە شتێکی ئاساییە لە هەندێ باری نائاسایی وەکو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا خەڵک هەست بە ترس و تۆقین بکەن (Pakpour & Griffiths, : ٢ 2020).

۲.۱.۱. ئەو تیۆرانەی شیکردنەوە بۆ ترس دەکەن

## تیۆری ڕەفتاری Behavioral Theory

بە بۆچوونی (واتسۆن) ترس ڕەمەکێکی خۆرسکانەیە لەلای مرۆڤ, بۆ نموونە ترسانی منداڵ لە دەنگی بەرز (بقة وقرش, ۲۰۱۷: ۲۲), کە دواتر ئەم ترسە خۆرسکە دەبێتە وەڵامدانەوەیەکی مەرجداریەتی, واتە ترسیش وەکو هەموو ڕەمەکەکانی تر بە شێوەیەکی سروشتی و خۆڕسکانە لە مرۆڤدا هەیە, بەڵام دواتر دەبێتە ڕەفتارێکی وەدەستهاتوو, کە مرۆڤ لە ڕێگای وەڵامدانەوەی مەرجدارێیتیەوە بۆ وروژێنەرەکانەوە فێریدەبێت, کە زۆرجار ئەمەش لە ڕێگای سەرنجدان و لاساییکردنەوەی تاکە بۆ وەڵامدانەوەی کەسانی دەوروبەری خۆی لە کاتی کاردانەوەیان بۆ وروژێنەرەکانی ژینگە. ئەو کەسانەی تووشی ترس دەبن وەک بەرگریەک بۆ کەمکردنەوەی ئەندازەی ترسەکەیان پاشەکشە دەکەن لەو شتەی بۆتە هۆی ترسانیان, هەروەها ترس وەڵامدانەوەیەکی مەرجدارییە, کە دوای ڕووبەڕووبوونەوەی تاک لەگەڵ ئەزموونێکی مەترسیدار زیاتر پەرە دەسێنێت, واتە هەرچەندە مرۆڤ ئەو هۆکار و ڕووداوەی بۆتە هۆی ترسانی لە یادی بێت و لەبەرچاوی بێت زیاتر هەست بە ترسان دەکات, بەڵام ئەگەر تاک ڕابهێنرێت لە سەر لەبیرکردنی هەموو ئەو هۆکار و ئەزموونانەی بوونەتە مایەی ترسانی ئەوا بەرەبەرە ترسەکەش خۆی نامێنێ (عبد الصادق, ۲۰۲۰: ۱۰۷۱).

## تیۆری زانینی Cognitive Theory

بەپێی ئەم تیۆریە ترس بریتییە لە لێکدانەوەی مرۆڤ لە ڕێگای بیر و باوەڕی نەرێنی و بیرۆکە ناعەقڵانییەکان, کە زۆرجار سەرچاوەی ترسەکە خۆی مایەی ترس نییە, بەڵام بەهۆی ئەوەی تاک لە ڕێگای

پاشخانە مەعریفییەکەی و گەورەکردنی شتەکە لە خەیاڵی خۆی و بە هەڵە لێکدانەوەی بۆ دەکات، ترسەکەی لەلا زیاتر دەبێت. زۆر جاریش ترس بەهۆی دوو فاکتەرەوە دروستدەبێت؛ کە یەکێکیان پەیوەستە بە تەمەنی منداڵیتی زووەوە, واتە لە تەمەنێکی زووی منداڵیتی تووشی ترسێکی زۆر گەورە بووە, کە تاکو تەمەنێکی گەورەش هەر لە یادی دەمێنێت. فاکتەری دووەمیش ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤە لەگەڵ ئەزموونێکی پڕ لە ئێش و ژان, کە ئەمەش دەبێتە هۆی هەستیاربوونی تاک بەرانبەر هەندێک هەڵوێست, کە مایەی وروژاندنی ترسە لەلای تاک (عبد الصادق, ٢٠٢٠: ١٠٧١).

٣.١.١.سەرەتایەک لە بارەی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید ـ ١٩

مێژووی سەرهەڵدانی خێزانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بۆ زیاتر لە ٢٠ بۆ ٢٣ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە ئەمەش بە پێی توێژینەوەیەکی جەنەتیکی نوێ, کە بەم دواییانە ئەنجامدراوە ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە و توانیویانە ئاسەواری تووشبوون بەم ڤایرۆسە لە کرۆمۆسۆمی خەڵکی ڕۆژهەلاتی ئاسیا دەستنیشانبکرێت, کە ئەم تووشبوونە زیاتر لە ١٥٠٠٠ ساڵی پێچووە و تەنیا لە دوای ٥٠٠٠ ساڵدا تێبینی کەمبوونەوەی فشاری ئەم ڤایروسە کراوە لەناو کرۆمۆسۆمی مرۆڤەکاندا (souilmi, et al., 2021: 3504-3514) ,( Ghafari, et al., 2021).

لە (٢٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩) نەخۆشخانەی ناوەندی وهان نموونەیەک لە شلەی سییەکانی (سائل غسل القصبات والاسناخ) یەکێ لە تووشبووەکانی بۆ کۆمپانیای ڤیژنی پزیشکی نارد بە مەبەستی ئەنجامدانی پشکنین لە (٢٧ و ٢٨)ی کانوونی یەکەم کۆمپانیاکە نەخۆشخانەی ناوەندی وهان و سەنتەری کۆنترۆڵ و ڕێگەگرتن لە

نەخۆشییەکان لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان ئاگادارکردەوە بە بوونی ڤایرۆسێکی نوێی کۆرۆنا (Caixin, 2020).

لە (١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩) دەرکەوتەکانی ئەم ڤایرۆسە لە سەر یەکەم نەخۆش تۆمارکران، هەرچەندە هیچ پەیوەندییەکی ڕوون لە نێوان نەخۆشەکە و بازاڕی خواردنە دەریاییەکان نەدۆزرایەوە، واتە هۆکاری تووشبوونی ئەو کەسە بەم نەخۆشییە ئەوە نەبووە، کە سەردانی ئەم بازاڕەی کردبێت و خواردنە دەریاییەکانی خواردبێت (Cohen, 2020)، بەڵام لەلایەکی تریشەوە چەند بەڵگەیەکی تر دۆزرانەوە، کە ئەوەیان دەسەلماند تووشبوونی سێیەکی نەخۆشەکان پەیوەندییان بە بازاڕی خواردنە دەریاییەکانەوە هەبووە. (Chan, et al., 2020: 514-523)

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی دەسەڵاتدارانی تەندروستیی چینی لە (٣١ ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٩) بۆ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) ناردوویانن باسیان لە تووشبوونی ژمارەیەک کەس بە ڤایرۆسی سییەکان کردووە لە شاری وهانی سەر بە پارێزگای خوبی، کە سەرچاوەی ڤایرۆسەکەش نادیارە (Health, 2020)، بۆیە لەم بارەیەوە لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٠) لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەست بە لێکۆڵینەوەکرا و لە (٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٢٠) بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بە شێوەیەکی فەرمی باری نائاسایی تەندروستیی جیهانییان ڕاگەیاند (PHEIC) ، کە هەر هەمان ڕۆژیش لە سەر ئاستی جیهان ٧٨١٨ کەس تووشی ئەم ڤایرۆسە بوون (WHO.2020).

باوەڕیشوایە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید ـ ١٩ لە ڕێگای ئاژەڵەکانەوە بووبێت، واتە لە ڕێگای ئاژەڵەکانەوە گواستراوەتەوە بۆ مرۆڤەکان لە مرۆڤەکانیشەوە بە خێرایی تەشەنەی

کردووە بەهۆی لەیەکترگرتنەوە، کە شوێنی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسەش (سارس-کوف-٢) بازاڕی فرۆشتنی خواردنە ئاژەڵە دەریاییەکان بووە لە شاری وهان، شایانی باسە ئەم ڤایرۆسە نوێیە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەو ڤایرۆسانەدا هەبوو، کە لە شەمشەمەکوێرەکان (Perlman, 2020) و ئاژەڵی مێروخۆردا هەن، واتە لە ڕێگای ئەوانەوە بۆ مرۆڤەکانیش گواستراوەتەوە (Cyranoski, 2020).

لە قۆناغەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم نەخۆشییە ژمارەی حاڵەتەکان نزیکەی حەوت ڕۆژ و نیو جارێک دوو هێندە بۆتەوە (Li, et al., 2020), هەروەها لە (٣١ ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠) یەکەم حاڵەتی پشتڕاستکراوە لە ئیتالیا تۆمارکرا، کە دوو گەشتیاری خەڵکی چین بوون(Landi,2020) ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی تاوەکو (١٣ ی ئازاری ٢٠٢٠) ئەوروپای بە ناوەندی چالاکیی ئەو پەتایە دانابوو (Fredericks,2020), کە هەر لە ئەوروپاشەوە لە ڕێگای گەشتیارەکانەوە ئەم ڤایرۆسە گواسترایەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم بارەیەشەوە ئەو توێژینەوانەی لەسەر کۆڤید ـ ١٩ ئەنجامدراون ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە، کە زۆربەی هەرە زۆری تووشبووانی ویلایەتی نیۆیۆڕک بەهۆی گەشتیارانی ئەوروپییەوە تووشببوون نەک ڕاستەوخۆ لە چین و هیچ وڵاتێکی دیکەی ئاسیاوە (The New York Times, 2020).

بە بۆچوونی توێژەر بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی سەرهەڵدانی ئەم ڤایرۆسە یەکێکە لە کارەساتە هەرە مەترسیدارە سروشتییەکان، کە مرۆڤایەتی تووشیبوو، ئەمەش لەبەرئەوەی بە ماوەیەکی کورت هەزاران کەسی کردۆتە قوربانی و بە شێوەیەکی نیمچە تەواوەتی لە هەموو

جیهاندا ژیانی پەکخست، کە دەکرێ دوای تەواوبوون و نەمانی ڤایرۆسەکەش کاریگەرییە نەرێنییەکانی بە سەر مرۆڤەکان هەر بمێننەوە.

١.٥.١.هۆکاری تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩

لەبەرئەوەی ئەم ڤایرۆسە تازەیە، بۆیە هۆکاری تووش بوون و بڵاوبوونەوەشی هێشتا هەر لە ژێر لێکۆڵینەوە و پشکنیندایە (Union,2020), بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی تاوەکو ئێستا زانراوە لە ڕێگای چەند هۆکارێکەوە مرۆڤ تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ دەبێت، کە ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

لە کەسی توو بوو دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر، واتە بڵاوبوونەوەی سەرەکیی ئەم ڤایرۆسە بریتییە لە گواستنەوەی لە کەسی تووشبووەوە بۆ کەسێکی تر.

لە نێوان ئەو کەسانەی کە لەیەکترەوە نزیکن (لە نێوان ٦ پێ).

لە ڕێگەی کۆکە و پژمین.

بەرکەوتن و دەستدان لە ڕوو و شتی پیسبوو بە ڤایرۆسەکە دەکرێت کەسێک بەهۆی دەستدان لە ڕووکەشێک یا شتێکی پیسبوو بە ڤایرۆسەکە و دواتر دەستدان لە دەم، لووت، یا چاوی تووشی ڤایرۆسەکە ببێت، بەڵام ئەوە ڕێگای سەرەکی نەبووە لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە تا ئێستا (gov.krd, 2020).

بە پێی توێژینەوەیەکی نوێ ئەوە دەرکەوتووە, کە دەنکە هەڵاڵەی دار و گوڵەکانیش هۆکارێکن بۆ گواستنەوە و تووشکردنی مرۆڤ بەم ڤایرۆسە بە تایبەتیش لە شوێنە قەرەباڵغەکان, بەپێی ئەم توێژینەوەیە کاتێک دەنکە هەڵاڵەکان بە هەوادا بڵاودەبنەوە هەر دەنکە هەڵاڵەیەک

توانای گواستنەوەی سەدان ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ ی هەیە, شایانی باسە دارەکان توانای ئەوەیان هەیە لە هەر مەترێک چوارگۆشە لە هەوادا سەدان دەنکە هەڵاڵە بڵاوبکەنەوە (Talib&Dimitris, 2021:33).

١.٤.١.دەرکەوتە و نیشانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩

(تا, کۆکە, هیلاکی, لەدەستدانی تام و بۆن, کەمیی هەناسە یان هەناسەدان بە زەحمەت, ئازاری ماسولکە, هەوکردنی قورگ, ئاو لە لووت هاتن, سەرئێشە, ئازاری سینگ, هەوکردنی ژێر پێڵوی چاو, هەڵێنجدان و ڕشانەوە, سکچوون) (Staf, 2020).

**توێژینەوەکانی پێشوو**

بە مەبەستی خستنەڕووی هەندێ لە توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر هەندێ لەو توێژینەوانە دەخاتەڕوو, کە باس لە ترسان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩  دەکەن.

توێژینەوەی (جۆردانی و ئەوانی دی, ٢٠٢٠) بە ناونیشانی **(Fear of COVID-19 scale: Assessing fear of the coronavirus pandemic in Brazil)** کە ئامانج لە ئەنجامدانی توەێژینەوەکە سەرەڕای دروستکردنی پێوەرێک بۆ پێوانەکردنی ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩  زانینی ئاستی ترسی دانیشتوانی وڵاتی بەڕازیلیش بوو لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩  و زانینی پەیوەندیی ئەم ترسە بە گۆڕاوە کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافییەکان, نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٧٤٣٠) کەس, کە لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە هەڵبژێردرابوون و فۆڕمی توێژینەوەکەیان بۆ نێردرابوو, ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمەیان دەرخست, کە ڕەگەزی مێ بە تایبەتیش ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٨-٢٩) ساڵیدایە ترسیان لەم ڤایرۆسە لە ئاستێکی بەرزدایە, هەروەها

ئەمەش دەرکەوت ئەو کەسانەی کەس و کارەکانیان تووشی ئەم ڤایرۆسە بوون و بەهۆیەوە مردوون پەیوەندی بە ترسان لە ڤایرۆسی کۆڤید هەیە (Giordani, et al., 2020)

توێژینەوەی (العامر, ٢٠٢٠) بە ناونیشانی (بناء نموذج سببي للعلاقات بين جودة الحياة والخوف من كورونا covid-19 والتدين والعوامل الخمسه الكبرى للشخصية: اشكالية العلاقة بين الخوف والتدين في المجتمع المصري), کە ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی ئاستی کوالێتیی ژیان و ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ , هەروەها دروستکردنی نموونەیەکی هۆکاری بۆ زانینی پەیوەندیی نێوان کوالێتیی ژیان, ترسان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ , دینداری و پێنج فاکتەرەکەی کەسایەتی بۆ نموونەیەک لە کۆمەڵگای میسری, نموونەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە (٤٤٢) کەس, کە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری وەرگیرابوون, (٦٣) کەسیان نێر و (٣٧٩) کەسیش مێ بوون, وەک چۆن (١٠) کەسیان ئاستی خوێندەوارییان ئاستی سەرەتایی بوو, (١٢) کەسیان لە ئاستی ناوەندی بوون, (١٢) کەسیان لە ئاستی ئامادەیی بوون, (٣٧٤) کەسیان قوتابیی زانکۆ بوون, (٦٠) کەسیان قوتابیی ماستەر بوون و (١٠) کەسیش قوتابیی دکتۆرا بوون. بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری توێژەر پێوەرەکانی (کوالێتیی ژیان, ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ , پێنج هۆکارە مەزنەکەی کەسایەتی) بەکارهێناوە, دواتر توێژەر بەو ئەنجامە گەیشت, کە ڕواڵەتەکانی کوالێتیی ژیان لە ئاستێکی بەرزدایە لە کاتێکدا ترسان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ ئاستێکی مامناوەندی هەیە, هەروەها جۆرەکانی کەسایەتی (کراوە, ویژدان زیندوو, پەسندکراو, کراوەیی) کاریگەرییەکی ئەرێنی و بەڵگەداری ئامارییان لە سەر کوالێتیی ژیان هەیە, لە کاتێکدا کەسایەتیی جۆری نێرۆسیێسی و دیندار کاریگەرییەکی ئەرێنی و بەڵگەداری ئاماری لە سەر ترسان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ هەیە (عامر, ٢٠٢٠: ١٧٧-١٨٨).

## بەشی سێیەم

## لایەنی کرداریی توێژینەوە

### یەکەم: مێتودی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا مێتۆدی چەندێتی (Quantitative Method) بەکارهێنراوە، کە لە ڕێگای ئەم مێتۆدەوە توێژەر دەتوانێت لە ڕێگای بەکارهێنانی پرسیارنامە داتا لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەی کۆبکاتەوە و بە شێوەی ژمارە داتاکان ڕێکبخات، پاشان لە ڕێگای ئامرازە ئامارییەکانەوە شیکردنەوە بۆ داتاکان ئەنجامبدات و بە ئەنجام بگات (عباس و ئەوانیتر, ٢٠١٤: ٧٠).

دووەم: کومەڵگای توێژینەوە

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە کۆی هەموو ئەو تاکانەی، کە توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی لێ هەڵدەبژێرێ و توێژینەوەی لەسەر ئەنجامدەدات (الدليمي و صالح, ٢٠١٤: ٧٤), کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم دانیشتوانی سنووری قەزای سۆران، کە تەمەنیان لە نێوان (١٨) ساڵی بۆ (٦٧) ساڵیدایە.

سێیەم: نموونەی توێژینەوە

نموونەی توێژینەوە بریتییە لە بەشێک لەو کۆمەڵگایەی, کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تیایە و نوێنەرایەتیی کۆمەڵگای توێژینەوە دەکات (ابوعلام, ٢٠١١: ١٦٢).

نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەی نموونەی ناهەڕەمەکیی پشکی (Quota Sample) وەرگیراوە, کە بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵگای ئەم

توێژینەوەیە دابەشی چەند چینێک کراوە و پشکێکی لێوەرگیراوە, کە ئەویش چینی فەرمانبەرانن.

**خشتەی ژمارە (١)**

**تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی (ڕەگەز و تەمەن).**

| نێر | مێ | تەمەن | ژمارە |
|---|---|---|---|
| | | ١٨–٢٧ | 56 |
| | | ٢٨–٣٧ | 133 |
| ٢١١ | ١٧٣ | ٣٨–٤٧ | 104 |
| | | ٤٨–٥٧ | 72 |
| | | ٥٨–٦٧ | 19 |
| کۆی گشتی | | | ٣٨٤ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

**ناوی فەرمانگەکان و قەبارەی نموونەی توێژینەوە**

| ڕێژەی سەدی | قەبارەی نموونەی توێژینەوە | ژمارەی فەرمانبەران | ناوی فەرمانگە |
|---|---|---|---|
| %١٠ | 9 | ٩٠ | بانکی دیلمان |
| %١٠ | 10 | ١٠٠ | بانکی ئازادی |
| %١٠ | 10 | ١٠٠ | بەڕێوەبەرایەتیی بەکارخستن و ڕاهێنانی پیشەیی سۆران |
| %١٠ | 100 | ١٠٠٠ | بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سۆران |
| %١٠ | 80 | ٨٠٠ | بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی سۆران |
| %١٠ | ٠3 | ٣٠٠ | بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانی سۆران |
| %١٠ | 26 | ٢٦٠ | بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقافی سۆران |
| %١٠ | 6 | ٦٠ | تاپۆی سۆران |
| %١٠ | 100 | ١٠٠٠ | زانکۆی سۆران |
| %١٠ | 12 | ١٢٠ | قائیمقامیەتی سۆران |
| %١٠٠ | 384 | ٣٨٣٠ | کۆی گشتی |

١.٦.١.پێوەری ترس لە ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید ـ ١٩

بە مەبەستی ئامادەکردنی پێوەرێک بە زمانی کوردی بۆ پێوانەکردنی ترس لە ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید ـ ١٩ توێژەر گەڕایەوە بۆ ئەدەبیات و ئەو توێژینەوانەی بایەخیان بە بابەتی ترس لە ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید ـ ١٩ داوە وەکو توێژینەوەکانی (عامر، ٢٠٢٠) و(Ahorsu et al., 2020),

هەروەها دوای دابەشکردنی فۆڕمێکی ڕاپرسیی کراوە بە سەر (٥٠) کەس لە کۆمەڵگای توێژینەوە, بۆیە بە سوودوەرگرتن لە ئەدەبیاتی بواری دەروونزانی, توێژینەوەکانی پێشوتر و ڕا و بۆچوونی ئەو پەنجا کەسەی فۆڕمی ڕاپرسیی کراوەیان بە سەردا دابەشکرابوو توێژەر توانی (٢٢) بڕگە دابڕێژێت.

لەم پێوەرەدا بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک یەک جۆر بژاردە هەیە, کە ئەویش بژاردەی پێنجی لیکێرتە (five lekert- scale) ئەمەش بۆ ئەوەی وەڵامی بەشداربووان بگۆڕین بۆ ژمارە و لە ڕێگای ئامرازە ئامارییەکانەوە شیکردنەوەیان بۆ بکەین, بەم جۆرە (هەمیشە= ١, زۆر جار=٢, هەندێک جار=٣, بە دەگمەن=٤, هەرگیز=٥) سەیری پاشکۆی ژمارە (١) بکە.

## ڕاستگۆیی Validity

ڕاستگۆیی پێوەر بریتییە لە توانا بوونی بۆ پێوانەکردنی ئەو خەسڵەتەی یان ئەو شتەی مەبەستیەتی پێوانەی بکات (مجید, ٢٠١٤: ٤٠), بۆ دۆزینەوەی ڕاستگۆیی ئەم پێوەرە، توێژەر دوو جۆر ڕاستگۆیی بەکارهێناوە؛ ئەوانیش ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و گەڕانی شیکاریی هۆکارەکان.

## ڕاستگۆییی ڕواڵەتی Face Validity

بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕاستگۆییی ڕواڵەتی بۆ پێوەری ترس لە ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید ـ ١٩ توێژەر پێوەرەکەی بە شێوە سەرەتاییەکەی بۆ کۆمەڵێک شارەزا و پسپۆڕی بواری دەروونزانی نارد, کە ژمارەیان (٧) شارەزا بوو, بۆ زانینی ناو, پلەی زانستی, پسپۆڕی و شوێنی کارکردنی شارەزایان سەیری پاشکۆی ژمارە (٢) بکە, دوای

ئەوەی شارەزایان ڕای خۆیان لەسەر بڕگەکان دەربڕی توێژەر پاڵپشت بە ڕا و سەرنجی شارەزایان بڕگەکانی ڕێکخستەوە, بەڵام هیچ یەکێ لە بڕگەکانی پێوەرەکە لانەدران, کە ژمارەیان (٢٢) بڕگە بوو, ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەموو شارەزایان بە زۆرینە بڕگەکانیان بە گونجاو زانی و ڕێژەی هاوڕایی شارەزایان (٩٣%) بوو ئەمەش ئاستێکی زۆر بەرزە. بۆ زانینی ڕێژەی سەدیی ڕاستگۆیی ڕواڵەتیی بڕگەکانی ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ سەیری خشتەی ژمارە (٣) بکە.

**خشتەی ژمارە (٣)**

**دۆزینەوەی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بە ڕێژەی سەدی**

| ژ | بڕگەکان | ژمارەی شارەزایانی ڕازی بوو | ژمارەی شارەزایانی ناڕازی بوو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ترسێکی زۆرم لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ هەیە. | ٦ | ١ | %85.71 |
| ٢ | بیرکردنەوە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ تووشی نائارامیم دەکات. | ٧ | ٠ | %١٠٠ |
| ٣ | دەستەکانم ئارەقە دەکەن کاتێک بیر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکەمەوە. | ٧ | ٠ | %١٠٠ |
| ٤ | هەست بە نائارمی دەکەم کاتێک باسی کەسێک دەکەن، کە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ مردبێت. | ٦ | ١ | 85.71% |
| ٥ | دەترسم بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ ژیانم لەدەست بدەم. | ٧ | ٠ | %١٠٠ |
| ٦ | کاتێک لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان هەواڵ و چیرۆکی پەیوەست بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ دەبینم تووشی شڵەژان و | ٦ | ١ | %٨٥.٧١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | نیگەرانی دەبم. | | | |
| ٧ | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا شەوانە خەونی ناخۆش دەبینم. | ٧ | ٠ | %١٠٠ |
| ٨ | بە بەردەوامی گومانم لەخۆم هەیە، کە نیشانەکانی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تێدا هەبێت. | ٦ | ١ | %٨٥.٧١ |
| ٩ | ترسێکی زۆرم لە بەرکەوتن بە کەسانی تووشبوو بەڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە | ٧ | ٠ | %١٠٠ |
| ١٠ | لەسەرەتای دەرکەوتنی ڤایرۆسەکە ترسی لەدەستدانی کەسە نزیک و ئازیزەکانم هەبوو. | ٦ | ١ | %٨٥.٧١ |
| ١١ | بەهۆی بەرز بوونەوەی ڕێژەی تووشبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ هەست بە ترسێکی زۆر دەکەم. | ٦ | ١ | 85.71% |
| ١٢ | زۆر دەترسم کاتێ یەکێ لە ئەندامانی خێزانەکەم تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ دەبێت. | ٦ | ١ | 85.71% |
| ١٣ | لە ترسی تووش بوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا خەوم لێناکەوێت. | ٧ | ٠ | %١٠٠ |
| ١٤ | لێدانی دڵم زیاد دەبێت کاتێک بیر لە تووش بوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ دەکەمەوە. | ٧ | ٠ | %١٠٠ |
| ١٥ | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا خۆم لە سەردانی کردنی خزم و نزیکەکانم بە دوور دەگرم. | ٧ | ٠ | %١٠٠ |
| ١٦ | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تەوقە لەگەڵ هیچ کەسێک ناکەم. | ٧ | ٠ | %١٠٠ |
| ١٧ | لە کڕینی شتومەک و پێداویستییەکان دەترسم، نەوەک ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ لە سەریان نیشتبێ. | ٦ | ١ | %٨٥.٧١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٨ | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ خۆم بە دوور دەگرم لە بەشداری کردن لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان. | ٦ | ١ | %٨٥.٧١ |
| ١٩ | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ماڵەوە نایەمە دەرەوە. | ٦ | ١ | %٨٥.٧١ |
| ٢٠ | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەست لە دەموچاوم نادەم. | ٦ | ١ | 85.71% |
| ٢١ | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ناوێرم پشکنین ئەنجام بدەم. | ٦ | ١ | 85.71% |
| ٢٢ | نەبوونی زانیاری و چارەسەری پێویست لەسەر ڤایرۆسەکە زیاتر دەمترسێنێت. | ٦ | ١ | 85.71% |

## گەڕانی شیکاریی هۆکارەکان (Factorial Analysis)

بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕاستگۆیی گەڕانی شیکاریی هۆکارەکان توێژەر (١١٠) وەرگرت وەک نموونەی بەشداربووی توێژینەوەکە بە ڕێگای ناهەرەڕمەکیی مەبەستدار, کە بۆ هەر برگەیەک پێنج بەشداربوو وەرگیراوە.

ئەنجامی (KMO) ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە (٠.٨٩٨) بە ($x^2$=1369.594) بە نمرەی ئازادی (٢٣١) هەروەها بە (Sig=0.000) لەبەرئەوەی ئەم ئەنجامە لە (٠.٠٥) بچووکترە, کەواتە نموونەی توێژینەوەکە بۆ شیکاریی هۆکارەکان لە ئاستێکی باشدایە, سەیری خشتەی ژمارە (٤ ) بکە.

**خشتەی ژمارە ( ٤)**

**گونجاویی نموونەکە بۆ شیکاریی هۆکارەکان**

| | | |
|---|---|---|
| Kaiser-Meyer-Olkin Measure of Sampling Adequacy. | | 0.898 |
| Bartlett's Test of Sphericity | Approx. Chi-Square | 1369.594 |
| | Df | 231 |
| | Sig. | ٠.٠٠٠ |

بە مەبەستی خستە ژێر تاقیکردنەوەی سەرجەم برگەکانی ئەم پێوەرە بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکان توێژەر هەستا بە وەرگرتنی (١١٠) نموونەی بەشداربوو لە کۆمەڵگای توێژینەوە بە ڕێگای ناهەڕەمەکیی مەبەستدار، چونکە بۆ هەر برگەیەک (٥) بەشداربوو وەرگیراون.

بۆ ئەوەی برگەکان پەیوەندییان بە هۆکارەکانەوە هەبێت توێژەر پەنای بردۆتە بەر بنەمایەک, کە ئەویش بریتییە لەم پۆلێنە ٠.٣٢ (لاواز), ٠.٤٥ (پەسەند), ٠.٥٥ (باش), ٠.٦٣ (زۆر باش), ٠.٧١ (نایاب) (کاکەمەد,٢٠٢٠: ٢٤), بەپێی بەکارهێنانی ئەم پۆلێنە سەرجەم برگەکان, کە ژمارەیان (٢٢) برگەیە بارەکەیان لە نێوان باشە بۆ نایابدایە, سەیری خشتەی ژمارە (٥) بکە.

## خشتەی ژمارە (٥)

## گەڕانی شیکاریی فاکتەرەکان

| ژ | بڕگەکان | فاکتەری یەکەم | فاکتەری دووەم | فاکتەری سێیەم | فاکتەری چوارەم |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ترسێکی زۆرم لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ هەیە. | 0.785 | 0.087- | 0.129 | 0.111 |
| 2 | بیرکردنەوە لە ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید ـ ١٩ تووشی نائارامیم دەکات. | 0.737 | 0.146 | 0.288 | 0.188- |
| 3 | دەستەکانم ئارەقە دەکەن کاتێک بیر لە ڤایرۆسی کۆڕۆنا دەکەمەوە. | 0.582 | 0.506- | 0.145 | 0.113- |
| 4 | هەست بە نائارمی دەکەم کاتێک باسی کەسێک دەکەن، کە بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید ـ ١٩ مردبێت. | 0.561 | 0.131 | 0.004- | 0.239 |
| 5 | دەترسم بەهۆی ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید ـ ١٩ ژیانم لەدەست بدەم. | 0.71 | 0.131- | 0.259 | 0.108 |
| 6 | کاتێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەواڵ و چیرۆکی پەیوەست بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید ـ ١٩ دەبینم تووشی شڵەژان و نیگەرانی دەبم. | 0.722 | 0.187 | 0.389 | 0.134- |
| 7 | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا شەوانە خەونی ناخۆش دەبینم. | 0.578 | 0.651- | 0.237 | 0.157- |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 8 | بە بەردەوامی گومانم لەخۆم هەیە، کە نیشانەکانی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تێدا هەبێت. | 0.784 | 0.153- | 0.084 | 0.186- |
| 9 | ترسێکی زۆرم لە بەرکەوتن بە کەسانی تووشبوو بەڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە | 0.768 | 0.037- | 0.01 | 0.227 |
| 10 | لەسەرەتای دەرکەوتنی ڤایرۆسەکە ترسی لەدەستدانی کەسە نزیک و ئازیزەکانم هەبوو. | 0.588 | 0.197 | 0.466 | 0.269- |
| 11 | بەهۆی بەرز بوونەوەی ڕێژەی تووشبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ هەست بە ترسێکی زۆر دەکەم. | 0.558 | 0.1 | 0.043 | 0.539 |
| 12 | زۆر دەترسم کاتێ یەکێ لە ئەندامانی خێزانەکەم تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ دەبێت. | 0.552 | 0.219 | 0.275 | 0.495 |
| 13 | لە ترسی تووش بوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا خەوم لێناکەوێت. | 0.577 | 0.372- | 0.172 | 0.011- |
| 14 | لێدانی دڵم زیاد دەبێت کاتێک بیر لە تووش بوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ دەکەمەوە. | 0.652 | 0.474- | 0.29- | 0.111 |
| 15 | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا خۆم لە سەردانی کردنی خزم و | 0.636 | 0.193 | 0.302- | 0.036 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | نزیکەکانم بە دوور دەگرم. | |
| 0.19- | 0.204- | 0.395 | 0.679 | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تەوقە لەگەڵ هیچ کەسێک ناکەم. | 16 |
| 0.012- | 0.471- | 0.142 | 0.563 | لە کڕینی شتومەک و پێداویستییەکان دەترسم، نەوەک ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ لە سەریان نیشتبێ. | 17 |
| 0.261- | 0.149- | 0.352 | 0.715 | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ خۆم بە دوور دەگرم لە بەشداری کردن لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان. | 18 |
| 0.205- | 0.252- | 0.125 | 0.748 | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەماڵەوە نایەمە دەرەوە. | 19 |
| 0.237- | 0.125- | 0.243 | 0.701 | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەست لە دەموچاوم نادەم. | 20 |
| 0.034 | 0.202- | 0.103- | 0.766 | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ناوێرم پشکنین ئەنجام بدەم. | 21 |
| 0.315 | 0.048- | 0.038- | 0.718 | نەبوونی زانیاری و چارەسەری پێویست لەسەر ڤایرۆسەکە زیاتر دەمترسێنێت. | 22 |

## جێگیری Reliability

جێگیری بەو مانایە دێت, کە پێوەرەکە ڕادەی گونجانی تاقیکردنەوەکە لەگەڵ خۆیدا یان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەیەک زیاتر لە جارێک لە سەر نموونەی توێژینەوە و دەستکەوتنی هەمان ئەنجام یان نزیکتر لە ئەو, جێگیری بۆ پێوەرەکان گرنگە ئەمەش لە بەر ئەوەی ئەگەر پێوەرەکە جێگیر نەبێ ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت (محمد, ٢٠٠٤: ٧١), بۆ دۆزینەوەی جێگیری بۆ پێوەری ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ توێژەر دوو جۆر جێگیری بەکارهێناوە, کە ئەوانیش بریتین لە جێگیری بە ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی (ئەلفا کرونباخ) و جێگیریی دووبارە پێوانەکردنەوە.

## جێگیری بە ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی Cronbach's Alpha Coefficient

دوای بەکارهێنانی جێگیری بە ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی (ئەلفا کرونباخ) بۆ (١١٠) بەشداربوو بەهای هاوکۆڵکەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ سەرجەم بڕگەکان بریتیبوو لە (٠.٩٢٨), کە ئەمەش واتای ئەوەیە هاوکۆلکەی جێگیری بە ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی زۆر بەرزە و بەڵگەداری ئاماریی هەیە, بڕوانە خشتەی ژمارە (٦).

**خشتەی ژمارە ( ٦)**

**دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی (ئەلفا کرۆنباخ)**

| ئاماری جێگیری | |
|---|---|
| ژمارەی بڕگەکان | Cronbach's Alpha |
| ٢٢ | ٠.٩٢٨ |

## جێگیری بە ڕێگای دووبارە کردنەوە Test- Re Test

بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگای دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە (Test- Re Test) توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی پێوەری ترس لە ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید ـ ١٩ لە سەر نموونەیەک, کە قەبارەکەی پێکهاتبوو لە (٣٠) بەشداربوو دوای تێپەڕبوونی دوو حەفتە بەسەر جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکەم, جارێکی تر توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی هەمان پێوەر لەسەر هەمان ئەو (٣٠) بەشدار بووەی, کە لە جاری یەکەم بەشداربوون لە تاقیکردنەوەکە لە هەمان بارودۆخدا, دوای بەراوردکردنی وەڵامی بەشداربووان بۆ جێبەجێکردنی تاقیکردەوەی یەکەم و دووەم لە ڕێگای هاوکۆلکەی پەیوەندیی پێرسۆن دەرکەوت, کە بەهاکەی بریتییە لە (٠.٨٩) ئەم بەهایەش بەهایەکی باشە و ئەمە دەردەخات پێوەرەکە جێگیرییەکی باشی هەیە بەم ڕێگایە, شایانی باسە بەپێی (الكبيسي والربيع, ٢٠٠٨: ٩٣) دەبێ بەهای جێگیری بە ڕێگای دووبارەکردنەوە لە (٠.٧٠) زیاتربێت بڕوانە خشتەی ژمارە (٧).

**خشتەی ژمارە (٧)**

**هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسۆن**

| | | X | y |
|---|---|---|---|
| x | Pearson Correlation | 1 | .898** |
| | Sig. (2-tailed) | | 0.000 |
| | N | 30 | 30 |
| y | Pearson Correlation | .898** | 1 |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | |
| | N | 30 | 30 |
| **. Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed). | | | |

**حەوتەم: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان**

١. بەکارهێنانی یاسای One Sample T Test بۆ زانینی ئاستی گۆڕاوەکان.

٢. بەکارهێنانی یاسای Independent Sample T Test بۆ دۆزینەوەی جیاوازیی نێوان دوو گۆڕاو.

٣. یاسای Pearson Correlation Coefficient بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە.

٤. یاسای Cronbachs Alpha بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی.

## بەشی چوارەم

## ئەنجامەکانی توێژینەوە و گفتوگۆکردنیان

### ئامانجی یەکەم/ زانینی ئاستی هەستکردن بە ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لای دانیشتوانی سنووری قەزای سۆران.

بۆ زانینی ئاستی هەستکردن بە ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ یاسای (One Sample T. Test) بەکارهێندراوە, کە لە خشتەی ژمارە (٨) بەم جۆرە ڕوونکراوەتەوە, نموونەی توێژینەوەکە لە (٣٨٤) بەشداربوو پێکهاتوە, ئەنجامی (ناوەندە ژمارەیی= ٦٤.٦٦١٤٥٨) بە (لادانی پێوەری=١٩.١٠٦٥٤٤), (ناوندی گریمانەیی=٦٦) بە (نمرەی ئازاد=٣٨٣), هەروەها (T=١.٣٧٢٨٢٦), (P= ٠.١٧١ > ٠.٠٥), لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندە ژمارەیی گەورەترە و بەهای (P=٠.١٧١) گەورەترە لە بەهای (٠.٠٥), کەواتە ئاستی ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ بەڵگەداری ئاماری نییە, ئەمەش بە واتای ئەوە دێت بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئاستی ترسانیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ لە ئاستێکی نزمدایە.

هۆکاری ئەوەی, کە بەشداربووانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە ئاستی ترسانیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ بەڵگەداری ئاماری نییە, بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ماوەی ساڵێک زیاتر بەسەر سەرهەڵدانی ئەم ڤایرۆسە تێپەڕیوە, کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی خەڵک خۆیان لەگەڵی ڕابێنن, چونکە پێوەری ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٨/٩) بە سەر بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکە دابەشکراوە, کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ڤایرۆسە تاوەکو ئەم ڕێکەوتە ساڵێک زیاتر دەکات, ئەم ماوەیەش وای کردووە ترسانی خەڵک لەم ڤایرۆسە

تارادەیەکی زۆر کاڵبێتەوە, واتە بەڕای توێژەر ئەگەر لە سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە پێوەرەکان بەسەر بەشداربووانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە دابەشکرابان ئەنجامەکەی لەم ئەنجامەی ئێستا جیاواز دەبوون, واتە بەڵگەداری ئاماری دەبوو, ئەگەر سەیرێکی ژیانی ڕۆتینی ڕۆژانەی خەڵکیش بکەین ئەو ڕاستییەمان زیاتر بۆ ڕووندەبێتەوە, کە دوای ئەوەی حکومەت ڕێوشوێنە توندەکانی خۆپارێزی لەم ڤایرۆسە و کەرەنتینەی زۆرەملێی خەڵکی کۆتاییپێهێناوە، بە شێوەیەکی گشتی خەڵک پابەند نین بە ڕێکارەکانی خۆپارێزی لەم ڤایرۆسە, بۆ نموونە بەستنی ماسک و خۆبەدوورگرتن لە تێکەڵاوبوون لە شوێنە گشتییەکان و زۆر شتی تر, کە پێشتر لە ترسی ئەم ڤایرۆسە نەیان دەوێرا ئەنجامیبدەن, کە ئەمانەش دەرخەری ئەوەن خەڵک بە شێوەیەکی گشتی ترسیان لەم ڤایرۆسە نەماوە, دەکرێ هۆکارێکی تری نەترسانی خەڵک لەم ڤایرۆسە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە, کە لەم ماوانەی دوای چەند جۆرێک ڤاکسین بۆ خۆپاراستن لەم ڤایرۆسە کەوتە بەر دەست, ئەمەش وای لە خەڵک کرد هیوایەکیان بۆ خۆپاراستن لەم ڤایرۆسە پەیدابێت.

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (Ahorsu, et al., 2020), (Satici, et al., 2020), ( Soraci, et al., 2020), کە هەموویان جەختیان لەوە کردۆتەوە ئاستی ترسان لە ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید ـ ١٩ لەلای بەشداربووانی توێژینەوەکانیان بەرزە, بەڕای توێژەر ئەمەش شتێکی سروشتیە, چونکە وەک لە سەرەوە باسکراوە ئەم توێژینەوانە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ڤایرۆسە ئەنجامدراون.

**خشتەی ژمارە (٨)**

**زانینی ئاستی ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩**

| ناونیشان | قەبارەی نموونە | ناوەندە ژمارەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T.Test | ژمارەی ئازاد | P.Sig. (2-Tailed) | ئاستی گوزارشت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ترس لە کۆڤید ـ ١٩ | 384 | ٦٧.٣٣٩ | ٦٦ | ١٩.١٠٧ | ١.٣٧٢٨٢٦ | ٣٨٣ | ٠.١٧١ | بەڵگەداری ئاماری نیە |

ئامانجی دووەم/ زانینی جیاوازیی نێوان وەڵامدانەوەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لە سەر پێوەری ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ ئەمەش بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ).

بۆ زانینی جیاوازیی نێوان هەستکردن بە ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕەگەز یاسای (Independent Samples Test) بەکارهێندراوە, کە لە خشتەی ژمارە (٩) بەم جۆرە ڕوونکراوەتەوە, نموونەی توێژینەوەکە لە (٣٨٤) بەشداربوو (٢١١ ڕەگەزی نێر و ١٧٣ ڕەگەزی مێ) پێکهاتبوون, هەروەها (ناوەندە ژمارەیی بۆ ڕەگەزی نێر =62.8910, و بۆ ڕەگەزی مێ=66.8208) بە (لادانی پێوەری بۆ ڕەگەزی نێر=18.84151 بۆ ڕەگەزی مێ=19.25947), بە (نمرەی ئازاد=٣٨٣) هەروەها نرخی (P بۆ ڕەگەزی نێر و مێ=٠.٠٤٥ < ٠.٠٥), لەبەرئەوەی بەهای (P=٠.٠٤٥) بچووکترە لە بەهای (٠.٠٥), کەواتە ئاستی ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ بە گوێرەی ڕەگەز بەڵگەداری ئامارییی هەیە, بەڵام لە ڕەگەزی مێ جیاوازیەکە بەهێزترە, چونکە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ لە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر زیاترە, واتە ڕەگەزی مێ زیاتر لە ڕەگەزی نێر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ دەترسن.

سەرەڕای ئەوەی لە ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکە ترسیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ بەڵگەداری ئاماری نەبوو, بەڵام لێرەدا سەبارەت بە ئاستی ترسان لەم ڤایرۆسە بە گوێرەی ڕەگەز ڕەگەزی مێ لە ڕەگەزی نێر زیاتر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ دەترسێت, دەکرێ هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە, کە ڕەگەزی مێ زیاتر لە ڕەگەزی نێر بە ڕوودانی کارەساتە سروشتییەکان و بڵاوبوونەوەی دەرد و پەتا کاریگەربن, یان لەبەرئەوەی ڕەگەزی مێ زیاتر لە ڕەگەزی نێر بارگرانیی ژیانی کەوتۆتە سەر شان لە کاتی بوونی ئەم پەتایە, هەروەها دەکرێ لەبەرئەوەش بێت, کە ڕەگەزی مێ زیاتر لە ڕەگەزی نێر بە دەست ڕووداوە ناخۆشەکانی ژیان بناڵێنن, هەروەها بەهۆی ئەوەی ڕەگەزی نێر زیاتر ڕووبەڕووی مەترسییە گەورەکانی ژیان وەکو جەنگەکان و کار و پیشەی گران و پڕ مەترسییەکان دەبێتەوە وەک ڕاهاتنێک لەگەڵیان ڕادێت و کەمتر هەست بە ترس دەکات, بۆیە کاتێکیش پەتایەکی وەکو ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ بڵاودەبێتەوە زۆر تووشی شۆک نابن و لێی ناترسن, بەپێچەوانەوە ڕەگەزی مێ لەبەرئەوەی وەکو ڕەگەزێ نێر نییە, کە لە پێشتر باسکرا, بۆیە کاتێک کارەساتێک ڕوودەدات یان پەتایەکی لەم جۆرە بڵاودەبێتەوە هەست بە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر زیاتر دەکەن, ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەش هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەکانی(nguyen, et al., 2020), (broche-pérez, et al., 2021) ,(bol&smith,2021), کە بەپێی ئەنجامی ئەم توێژینەوانە ڕەگەزی مێ زیاتر لە ڕەگەزی نێر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ دەترسن.

**خشتەی ژمارە (٩)**

**جیاوازیی نێوان ترس لە کۆڤید ـ ١٩ و ڕەگەز**

| | ڕەگەز | قەبارەی نموونەی توێژینەوە | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | P.Sig. (2-Tailed) | ئاستی گوزارشت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ترس | نێر | ٢١١ | ٦٢.٨٩١٠ | ١٨.٨٤١٥١ | 383 | ٠.٠٤٥ | هەیە |
| | مێ | ١٧٣ | ٦٦.٨٢٠٨ | ١٩.٢٥٩٤٧ | | ٠.٠٤٥ | هەیە |

## دەرئەنجام

بەپێی ئەو ئەنجامەی توێژەر لەم توێژینەوەیە بۆی دەرکەوت:

بەشداربووانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە ئاستی ترسانیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ زۆر نزمە.

ڕەگەزی مێ زیاتر لە ڕەگەزی نێر ترسیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ـ ١٩ هەیە.

## پێشنیاز

پێشنیاز دەکەم, کە توێژەرێکی تر بە میتۆدێکی تر و جیاواز لە ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری, قەبارەی نموونەی توێژینەوە, ئامرازی شیکردنەوەی زانیاری توێژینەوەیەک لە سەر ئەم بابەتە ئەنجامبدات.

لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە لەسەر ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ لە ناو فەرمانبەرانی بەشێک لە دامودەزگاکانی سنووری قەزای سۆرانە, بۆیە گونجاوە توێژینەوەیەکی تر لەگەڵ گۆڕاوی تر ئەنجامبدرێت.

لەبەرئەوەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخەن, کە ڕەگەزی مێ زیاتر لە ڕەگەزی نێر ترسیان لە ڤایرۆسەکە هەیە, بۆیە پێشنیازدەکەم بەرنامەیەکی ڕێنماییکردنی دەروونی دابنرێت بۆ ڕێنماییکردنی ڕەگەزی مێ بۆ چۆنیەتیی کۆنترۆڵکردنی ترسەکەیان لەم جۆرە بارودۆخانە.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە (١)

### پێوەری ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩

زانکۆی سۆران

فاکەڵتی ئاداب

بەشی دەروونزانی

خوێندنی باڵا/ ماستەر

**ســـــڵاو و ڕێـــــز...**

فەرمانبەری بەڕێز توێژەر هەڵساوە بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لە ژێر ناونیشانی **(ترس لەکۆڤید-١٩و پەیوەندی بە دڵەڕاوکێی مردن و هیوا لە سنووری قەزای سۆران)** ئەمەی لە بەر دەستتدایە کۆمەڵێک بڕگەن، گوزارشت لە ڕای بەڕێزت دەکات سەبارەت بە ترس لەم ڤایرۆسە. تکایە سەرجەم بڕگەکان وەڵام بدەرەوە و هێمای (√) لە ژێر ئەم گۆڕاوە دابنێ، کە تۆ بە گونجاوی دەزانی، بۆ زانیاری بەڕێزت وەڵامەکانت تەنیا بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی بەکار دەهێنرێت و پێویست بە نوسینی ناوت ناکات.

**لـەگـەڵ ڕێــزدا...**

**نموونەیەک بۆ ڕونکردنەوەی چۆنیەتی وەڵامدانەوەی بڕگەکان:**

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | زۆر جار | هەندێک جار | بە دەگمەن | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ترسـێکی زۆرم لە ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید-١٩ هەیە | √ | | | | |

تێبینی/ تکایە ئەم زانیاریانەی خوارەوەش بنوسن:

ڕەگەز: نێر ( ) مێ ( ) تەمەن: ( )

ئایا نەخۆشی درێژخایەنت هەیە؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ئایا تووشی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بوویت؟ بەڵێ ( ) نازانم ( ) نەخێر ( )

شوێنی کارکردن ( )

سەرپەرشتیار

قوتابی تـوێـژەر

د.هۆشەنگ فەرهاد عبدالله

فکری مجید محمد

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | زۆر جار | هەندێک جار | بە دەگمەن | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ترسێکی زۆرم لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ هەیە | | | | | |
| ٢ | بیرکردنەوە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ تووشی نائارامیم دەکات | | | | | |
| ٣ | دەستەکانم ئارەقە دەکەن کاتێک بیر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکەمەوە | | | | | |
| ٤ | دەترسم بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ ژیانم لە دەست بدەم | | | | | |
| ٥ | کاتێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەواڵ و چیرۆکی پەیوەست بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ دەبینم تووشی شڵەژان و نیگەرانی دەبم | | | | | |
| ٦ | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا شەوانە | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | خەونی ناخۆش دەبینم. | | | | | |
| ٧ | بە بەردەوامی گومانم لەخۆم هەیە، کە نیشانەکانی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تێدا هەبێت | | | | | |
| ٨ | ترسێکی زۆرم لە بەرکەوتن بە کەسانی تووشبوو بەڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە | | | | | |
| ٩ | لەسەرەتای دەرکەوتنی ڤایرۆسەکە ترسی لەدەست دانی کەسە نزیک و ئازیزەکانم هەبوو | | | | | |
| ١٠ | بۆ ساتێکیش بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا تووشی نائارامی و ترس نەبووم | | | | | |
| ١١ | کاتێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە گوێبیستی بەرز بوونەوەی ڕێژەی تووش بووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبم زیاتر هەست بە | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ترس دەکەم | |
| | | | | | لە ترسی تووش بوون بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا خەوم لێناکەوێت | ١٢ |
| | | | | | لێدانی دڵم زیاد دەبێت کاتێک بیر لە تووش بوون بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید-١٩ دەکەمەوە | ١٣ |
| | | | | | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا خۆم لە سەردانی کردنی خزم و نزیکەکانم بە دوور دەگرم | ١٤ |
| | | | | | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا تەوقە لەگەڵ هیچ کەسێک ناکەم | ١٥ |
| | | | | | لە کڕینی شتومەک و پێداویستییەکان دەترسم، نەوەک ڤایرۆسی کۆڕۆنا کۆڤید-١٩ لە سەریان نیشتبێ | ١٦ |
| | | | | | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی | ١٧ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆرۆنا کۆڤید-١٩ خۆم بە دوور دەگرم لە بەشداری کردن لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان | | | | | |
| ١٨ | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ماڵەوە نایەمە دەرەوە | | | | | |
| ١٩ | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەست لە دەموچاوم نادەم | | | | | |
| ٢٠ | لە ترسی تووش بوونم بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ناوێرم پشکنین ئەنجام بدەم | | | | | |
| ٢١ | نەبوونی زانیاری و چارەسەری پێویست لەسەر ڤایرۆسەکە زیاتر دەمترسێنێت | | | | | |

**پاشکۆی ژمارە (٢)**

**لیستی ناوی شارەزایان بۆ ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بۆ پێوەری ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩**

| ژ | ناوی شارەزا | پلەی زانستی | پسپۆری | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د.روناک حمید عثمان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەروونزانی زانینی | زانکۆی سۆران |
| ٢ | د.مەها حسن بکر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دروستی دەروونی | زانکۆی سەلاحەددین |
| ٣ | د.ئاراز حکیم رەزا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەروونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سەلاحەددین |
| ٤ | د.مؤید إسماعیل جرجیس | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونزانی پەروەردەیی ـ کەسایەتی و تەندروستی دەروونی | زانکۆی سەلاحەددین |
| ٥ | د.کاروان کاکەبرا کاکەمەد | مامۆستا | دەروونزانی زمانەوانی | زانکۆی سۆران |
| ٦ | د.سعید محمد نوری | مامۆستا | دەروونزانی زانینی | زانکۆی سەلاحەددین |
| ٧ | د.شەوبۆ شمس الدین سلیمان | مامۆستا | پێوان و هەڵسەنگاندن | زانکۆی سەلاحەددین |

## سەرچاوە کوردی و عەرەبییەکان


- کاکەمەد, کاروان کاکەبرا. (٢٠٢٠). دیسلێکسیا لای قوتابیانی زانکۆ. *گۆڤاری توێژەر*، ٣ (٢), ٢٤.

- ابوعلام, رجاء (٢٠١١). *مناهج البحث في العلوم النفسية والتربوية*. القاهرة: دار النشر للجامعات.

- محمد, بشرى (٢٠٠٤). *المرجع في القياس النفسي*. القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.

- مجيد, سوسن (٢٠١٤). *الاختبارات النفسيه* (الإصدار الطبعة الثانية). عمان: دار صفاء للنشر والتوزيع.

- حبيب, صموئل (١٩٨٩). *الخوف*. القاهرة: دار نوبار للطباعة.

- بقة, قرش عامر عبدالكريم و لخضر. (٢٠١٧). تعليمية الالعاب وتاثيرها على حالة الخوف لدى السباحين المبتدئين (٦-٩). معهد علوم وتقنيات النشاطات البدنية والرياضية قسم التدريب والتحضير البدني جامعة زيان عاشور الجلفة (رسالة ماجستير غير منشورة).

- عامر, عبدالناصر (٢٠٢٠). الخصائص السيكومترية لمقياس الخوف من جائحة كورونا covid-19 في المجتمع العربي. *المجلة العربية للدراسات الامنية*، ١٧٧-١٨٨.

- عامر, عبدالناصر (٢٠٢١). المشكلات النفسية لجائحة كورونا (COVID-19) في المجتمع المصري. *المجلة التربوية لكلية التربية جامعة سوهاج*، ٤.

- الكبيسى, عبدالواحد و الربيع, هادى (٢٠٠٨). *الاختبارات التحصيلية المدرسية (اسس بناء وتحليل اسئلتها).* مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع.
- عصام حسن الدليمي، و علي عبدالرحيم صالح. (٢٠١٤). *البحث العلمي اسسه ومناهجه.* عمان: دار الرضوان للنشر والتوزيع.
- عبد الصادق, فاتن صلاح. (٢٠٢٠). النموذج البنائي للعلاقات بين المعتقدات ما و راء المعرفية والخوف من كورونا والملل النفسي لدى الارشدات خلال الجائحة. *مجلة* بحوث *كلية الآداب*، ٣١(١٢٣).
- محمد خليل عباس، محمد بكر نوفل، محمد مصطفى العبسي، و فريال محمد ابوعواد. (٢٠١٤). *مدخل الى مناهج البحث في التربية وعلم النفس.* عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع.
- يوسف ميخائيل اسعد. (١٩٩٠). *سيكولوجية الخوف.* القاهرة: دار نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع.
- حكومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠٢٠) . ئەو شتانەی کە پێویستە بیزانیت: ڤایرۆسی کۆرۆنا..{ ئۆنلاین} . دواجاری بینین لە ٢٠ ئازاری ٢٠٢٠: https://gov.krd/coronavirus/what-you-should-know/#symptoms

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- Ai, T., Yang, Z., Hou, H., Zhan, C., Chen, C., Lv, W. and Xia, L. (2020). Correlation of Chest CT and RT-PCR Testing for Coronavirus Disease 2019 (COVID-19) in China: a Report of 1014 Cases. *Radiology*, *296*(2), E32-E40.

– Andelane, Lana (2020). *Newshub*. {Online}. Last Acessed 4 April 2021 at: https://web.archive.org/web/20200424152003/https://www.newshub.co.nz/home/world/2020/04/coronavirus-countries-where-face-masks-are-mandatory-in-covid-19-fight.html

– Caixin. (2020, may 22). Retrieved from http://china.caixin.com: https://web.archive.org/web/20200227094018/http://china.caixin.com/2020-02-26/101520972.html

– Chan, J. F.-W., Yuan, S., Kok, K.-H., To, K. K.-W., Chu, H. and Yang, J. (2020). A Familial Cluster of Pneumonia Associated with the 2019 Novel Coronavirus Indicating Person-to-person Transmission: a Study of a Family Cluster. *THE LANCET*, *395*(10223), 514-523.

– Clinic, M. (2021). *MayoClinic*. {Online}. Last Acessed 4 May 2021 at: https://www.mayoclinic.org/ar/tests-procedures/covid-19-diagnostic-test/about/pac-20488900

– Cohen, J. (2020). *science*. {Online}. Last Acessed 26 Jan 2021 at: https://www.sciencemag.org/news/2020/01/wuhan-seafood-market-may-not-be-source-novel-virus-spreading-globally

– Cyranoski, D. (2020). *Nature*. {Online}. Last Acessed 26 Februray 2021 at: https://www.nature.com/articles/d41586-020-00548-w

– Dobrescu, A. I., Chapman, A., Persad, E., Klerings, I., Wagner, G. and Siebert, U. (2020). Quarantine Alone or

in Combination with other Public Health Measures to Control COVID-19: a Rapid review. *Cochrane Database of Systematic Reviews* , 9, CD013574.

- Fredericks, B. (2020). *New York Post*. {Online}. Last Acessed 13 March 2021 at: https://nypost.com/2020/03/13/who-says-europe-is-new-epicenter-of-coronavirus-pandemic/

- **Kampf, G., Todt, D., S. faender, P. and Steinmann , E. (2020). Persistence of Coronaviruses on Inanimate Surfaces and their Inactivation with Biocidal Agents. *Journal of Hospital Infection*, 104 (3),247-249**

- Ghafari, M., Simmonds, P., Pybus, O. G., and Katzourakis, A. (2021). Prisoner of War Dynamics explains the time-Dependent Pattern of Substitution rates in Viruses. bioRxiv.

- Giordani, R. C., Silva, M. Z., Muhl, C., & Giolo, S. R. (2020). Fear of COVID-19 scale: Assessing Fear of the Coronavirus Pandemic in Brazil. *Journal of Health Psychology*. Doi: https://doi.org/10.1101/2021.02.09.430479

- Health, C. (2020). *Health Advisory Regarding 2019 Novel Coronavirus (2019-nCoV)*. {Online}.Last Acessed 20 January 2021 at: https://health.columbia.edu/news/health-advisory-regarding-2019-novel-coronavirus-2019-ncov

- Jones, A. M. (2020, mqrch 22). *ctvnews*. {Online}. Last Acessed 22 March 2021 at: https://www.ctvnews.ca/health/coronavirus/why-health-officials-say-physical-distancing-is-a-better-term-than-social-distancing-1.4863344

- Landi, S. (2020). *MILANO*. {Online}. Last Acessed 4 April 2021 at: https://www.corriere.it/cronache/20_gennaio_30/coronavirus-italia-corona-9d6dc436-4343-11ea-bdc8-faf1f56f19b7.shtml

- Le, T. T., Cramer, J. P., Chen, R., and Mayhew, S. (2020). Evolution of the COVID-19 Vaccine Development landscape. *Nature Reviews Drug Discovery*, *19*.

- Li, Q., Guan, X., Wu, P., Wang, X., Zhou, L., Tong, Y., et al. (2020). Early Transmission Dynamics in Wuhan, China, of Novel Coronavirus–Infected Pneumonia. *THE NEW ENGLAND JOURNAL OF MEDICINE*. 382:1199-1207, DOI: 10.1056/NEJMoa2001316

- *New Zealand government*. (2020). {Online}. Last Acessed 14 April 2020 at: https://web.archive.org/web/20200518040222mp_/https://covid19.govt.nz/covid-19/how-were-uniting/wash-your-hands/

- Pakpour, A. H., & Griffiths, M. D. (2020). The fear of COVID-19 and its Role in Preventive Behaviors. *Journal of Concurrent Disorders*, *2*(1), 58-63.

- Perlman, S. (2020). Another Decade, Another Coronavirus. *THE NEW ENGLAND JOURNAL OF MEDICIANE*. 382:760-762, DOI: 10.1056/NEJMe2001126

- Sanders, J. M., Monogue, M. L., Jodlowski, T. Z., & Cutrell, J. B. (2020). Pharmacologic Treatments for

Coronavirus Disease 2019 (COVID-19) A Review. *jama network*, *323*(18).

- Souilmi, Y., Lauterbur, M. E., Tobler, R., Huber, C. D., Johar, A. S., Moradi, S. V., ... & Enard, D. (2021). An ancient viral epidemic involving host coronavirus interacting genes more than 20,000 years ago in East Asia. *Current Biology*, *31*(16), 3504-3514.

- Staff, M. C. (2020). *Mayo Clinic*. {Online}. Last Acessed 4 May 2021 at: https://www.mayoclinic.org/ar/diseases-conditions/coronavirus/symptoms-causes/syc-20479963

- Dbouk, T., & Drikakis, D. (2021). On Pollen and Airborne Virus Transmission. *Physics of Fluids*, *33*(6), 063313.

- The New York Times (2020). {Online}.Last Acessed 8 April 2021 at: https://www.nytimes.com/2020/04/08/us/coronavirus-live-updates.html

- Union, A. a. (2020). *European Centre for Disease Prevention and Control*. {Online}.Last Acessed 18 May 2020 at: https://www.ecdc.europa.eu: https://www.ecdc.europa.eu/en/covid-19/questions-answers

- WHO(2020). Naming the coronavirus disease (COVID-19) and the virus that causes it. {Online}.Last Acessed 20 March 2020 at: https://www.who.int/emergencies/diseases/novel-coronavirus-2019/technical-guidance/naming-the-

coronavirus-disease-(covid-2019)-and-the-virus-that-causes-it

- **WHO (2020). Coronavirus Disease (COVID-19) Advice for the Public: When and How to use Masks.**

- {Online}.Last Acessed 7 March 2020 at: https://www.who.int/emergencies/diseases/novel-coronavirus-2019/advice-for-public/when-and-how-to-use-masks

- WHO (2020). *World Health Organazation*. {Online}.Last Acessed 7 March 2020 at: https://www.who.int/emergencies/diseases/novel-coronavirus-2019/technical-guidance/laboratory-guidance

- WHO (2020). *Novel Coronavirus(2019-nCoV) Situation Report - 10*. {Online}.Last Acessed 19 May 2020 at: https://www.who.int/docs/default-source/coronaviruse/situation-reports/20200130-sitrep-10-ncov.pdf?sfvrsn=d0b2e480_2

- Worldometers. (2020). COVID-19 Coronavirus Pandemic. {Online}.Last Acessed 5 May 2020 at: https://www.worldometers.info/coronavirus/

- Y. L., and L. X. (2020). Coronavirus Disease 2019 (COVID-19): Role of Chest CT in Diagnosis and Management. *American Journal of Roentgenology, 214*(6), 1280-1286.

**الملخص**

هدفت الدراسة الى التعرف على مستوى الخوف من فيروس كورونا كوفيد_١٩ لدى سكان قضاء سوران, والتعرف على الفروق بين درجات افراد العينة على مقياس الخوف من فيروس كورونا كوفيد_١٩ وفق متغير الجنس, وقد استخدم الباحث المنهج الكمي باعتباره المناسب لهذه الدراسة, واشتملت عينة الدراسة (٣٨٤) مشارك ٢١١ (٥٤.٩%) ذكر و ١٧٣ (٤٥.١%) انثى وعينة باعمار (١٨-٦٧) سنة من الموظفين, حيث تم اختيارهم بطريقة غير عشوائية حصصية في (١٠) دوائر في قضاء سوران, لجمع المعلومات وبعد اجراءات الخصائص السيكومترية للاستبيان تم اعداد مقياس الخوف من فيروس كورونا كوفيد_١٩ من قبل الباحث, حيث تكونت من (٢٢) بند وبطريقة خمسة بدائل (Five-Likert-Scale), بعد استخدام اختبار ت لعينة واحدة (One Sample T. Test) توصل الباحث بأن مستوى الخوف من فيروس كورونا كوفيد-١٩ لدى عينة الدراسة منخفضا, وبعد استخدام اختبار ت لعينتين مستقلتين (Independent Samples Test) توصل الباحث بأنه توجد فروق ذات دلالة احصائية حسب متغير الجنس, حيث الفروق تعزى الى جنس الانثى.

**الكلمات المفتاحية:** الخوف, كوفيد-١٩, سكان قضاء سوران.

**Abstract**

The study aims to identify the level of fear of the Corona virus Covid-19 among the residents of Soran district and to demonstrate the differences between the scores of the sample members on the scale of fear of the Corona virus “Covid-19” according to the sex variable. The sample includes (384) participants, 211 (54.9%) male and 173 (45.1%) female. In order to collect data, they are selected in a non-random, quota manner in (10) administrations in Soran district. After the psychometric procedures of the questionnaire, a measuring instrument of 22 items is prepared according to (five-likert scale). Then, by using (One Sample t. Test) law the research concludes that the level of fear of Covid-19 was low. After that, depending on (Independent Sample Test), it identifies that there are statistically significant differences according to the gender variables; females face greater fear of Corona virus in comparison to males.

Key words: Fear, COVID-19, residents of Soran District